www.kurdistannet.org
22-10-2006 23:28بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

**دیمانە لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) .. ئامادەکردنی: ستیڤان شەمزینانی**

❖ ستیڤان: وەك دەبینین ئەمڕۆ ئێران لە بەردەم تەنگژەیەكی گەورە دایە، فایلی پیتاندنی ئورانیوم تەنگژەكەی گەورەتر كردوتەوە، بە رایَ جەنابتان بارودۆخی كۆماری ئیسلامی ئێران بە كویَ دەگات، ئایا ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی وەك عێراق ئوپەراسیونی سەربازی ئەنجام دەدەن یان كێشەكە بە دیالۆگ كۆتایی پیَ دێت؟



ئیبراهیم عەلیزادە::ئەگەری رووداني پەلاماری سەربازی بە مەبەستی رووخاندنی كۆماری ئیسلامی گەلێك لاوازە. نە ئەمریكا ئەمڕۆكە پێویستی بە بەكار هێنانی گورزی سەربازی و هێز نواندن لە ئاستی دنیادا ماوە، ئەو جۆرەی كە لە شەری عیراق دا پیویستی بوو، وە نە بەدیلێكی ئامادەشی بۆ جیَ نشینی رژیمی ئیسلامی هەیە. هەڵبەت ئەگەری وەشاندنی زەربەی دیاری كراو لە سایتە نەوەویە كان رەت ناكرێتەوە بەلام ئەوە خۆی نەك هەر خزمەت بە روخانی رژیم ناكات بەلكوو مەوقعی رژیم لە ناوخۆی ولات دا مەحكەم تر ئەكات. یان لە ئاكامی ئەم كێشەیە دا لەوانەیە جۆرێك لە گەمارۆی ئابوری بە سەر رژیم دا بسەپێنن وە یان كار بگاتە گفتوگۆ و دیالۆگی راستەوخۆی نێوان ئەمریكا و رژیمی ئیسلامی و سەر ئەنجام سازیشێكی گەورەیان لە گەلڕدا بكات. ئەوەی ئیستا دەبیندرإ ئەوەیە كە رژیمی ئێران هەوڵ دەدات ئەوەندەی بۆیَ بكریَ پرۆسەیە گەیشتن بەو سازیشە درێژتر بكاتەوە.

كۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو دەورەی دەسەلاتی خۆی دا لە ناو ئەزمە دا ژیاوە و ئیستاش پێی ناوەتە ناو گەمەیەكی سیاسی دیپلوماسی وە كە ئاكامەكانی بۆ دوارۆژی ژیان و خەباتی خەلكی ئەو ولاتە دەتوانإ گەلێك پڕ مەترسی بإ. سەرانی رژیم خۆیان لایان وایە لەم گەمەیە دا ئەتوانن تا بەردەم هەڵدێر برون و بگەرێنەوە. كێشەی سیلاحی نەوەوی روكەشێكە كە لە هەر دوو لاوە بە ئانقەست بەرجەستە كراوەتەوە تا لە ژێرەوەی چەندین كێشەی تر چارەسەر بكرێن. كۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی زەمانەتی پێویست بۆ مانەوەی خۆی لە ئەمریكا وەربگریَ و لایەنی بەرانبەریشی هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی رژیمی ئیسلامی بێنێتە سەر رەوتێك كە دژایەتی بەرژەوەندییەكانی سیاسی و ئابووری ئەمریكا لە ئێران و لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراست نەكات. لەم گەمەیەدا هەر دوولا خاڵە لاواز و بەهێزەكانی یەكتر باش دەناسن و هەر دوولا دەیانهەویَ ئیمتیاز لە یەكتر وەربگرن. نە كۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر تا ئێستا سیلاحی نەوەوی بە شێوەیەك لە شێوەكان بەدەست نەهێنابی و خزنی نەكردبیَ، كە ئیحتمالێكی زۆر لاوازە، لەم رادەیە لە توانایی تێكنۆلۆژی و زانستی بەهرەمەندە كە ئیمكانی بەرهەم هێنانی سیلاحی نەوەوی هەبإ و نە دەوڵەتی ئەمریكا پرۆژەی رووخاندنی رژیمی ئیسلامی لە ئێرانی بەدەستەوەیە.

دەمەوإ هەر لێرەدا ئەوەش زیاد بكەم كە لە كێشە و ململانێی نێوان ئەمریكا و كۆماری ئیسلامیدا لایەنێكی تری راستیەكان ئەوەیە كە ئەمریكا و رژیمی ئێران هەر ئێستاش لە جەرگەی هەرەشە و ناكۆكیەكان دا بە كردەوە جۆرێك لە هاوكاری و هاوئاهەنگی هەیە. بۆ نمونە كەس ناتوانیَ نكۆڵی لە هاوكاریان لە گەلڕ یەك لەسەر ساغ كردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بكات. یان لە ئەفغانستان ئەوەی كە تا ئێستا بەكردەوە دیتراوە ئەو راستیە بووە كە كۆماری ئیسلامی ئێران نەك هەر رێگر نەبووە لەسەر بەرژەوەندی یەكانی ئەمریكا لە ئەو وڵاتە، بەڵكوو كار ئاسانیشی بۆ كردووە. بەرانبەر بە شەپۆلی ئیسلامی توندرەوی سوننی لە رۆژهەلات، ئیسلامی سیاسی شیعە رەوتێكی میانەرەوە كە

دەتوانێ یارمەتی دەر بێ بۆ ئەو "دیموکراسیە تایبەتیەی" کە لایان وایە هەر ئەوەندە شیاوی خەلکی رۆژهەلاتی ناوەراستە.

❖ ستیڤان: ئەگەر لە بارودۆخێکدا کار گەیشتە ئەوەی ئێران بە گورزی سەربازی بروخێنرێ بە تایبەتی لە لایەن ئەمریکاو و رۆژئاواییەکان، ئایا ئێوەش وەك حیزبەکانی کوردستانی عێراق دەچنە ریزی هاوپەیمانیەتی لە گەڵیان (واتە ئەمریکا) یان دەکرێ بپرسین ئایا هیچ نزیکایەتی یەکتان لە گەڵ ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوادا هەیە؟

ئیبراهیم عەلیزادە:: ئەوە حاڵەتێکی فەرزیە کە هەر وەکوو ووتم ئەگەری روودانی گەلێك کەمە. ئێمە نە دەمانهەوەی سیناریوی عێراق لە ئێران دووپات بێتەوە وە نە ئەگەر وەها پرۆژەیەك لە گۆرێدا بێ خۆمان لە ریزی ئەو هاوپەیمانیەدا دەبینینەوە. بەڵام ئەم قسەیە بەمانای ئەوە نیە کە سبەی رۆژ ئێمە بەرانبەر بە پەلاماری سەربازی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بە هێزی چەك بەربەرەکانێ دەکەین. لە وەها حالەتێکدا کاری ئێمە هەوڵ دان دەبێ بۆ ووشیار کردنەوە و بۆ رێکخستنی جەماوەر لە ریزی سەر بەخۆ دا و لە پێناوی دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی خۆیان بە دەستی خۆیان.

❖ ستیڤان:ئەگەرێك هەیە وای دەبینین کە کێشەی ئێران و رژیمەکەی لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەکرێ، لە حالەتێکدا ئەم ئەگەرە بووە واقێعی، ئایا لە توانای ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دا هەیە کارێك بکەن بۆ گۆرینی دەسەلاتی سیاسی لە ئێران یان رێگایەك هەیە بۆ لاواز کردن و ناچار کردنی کۆماری ئیسلامی؟

ئیبراهیم عەلیزادە:: ئەگەر مەبەست گفتوگۆی نێوانی رژیمی ئێران و ئەمریکا و رۆژئاوا بەگشتی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان بإَ، ئەو حاڵەتە ئەگەرێکی بەهێزە، ئەگەرچی لەوانەیە درێژخایەنیش بێ. بەلای ئێمەوە تەنیا رێگای بەدەست هێنانی ئازادی و ژیانی ئاسوودە و بەختەوەرانە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە کەوتنە کاری هێزی خەباتی راستەوخۆی خۆیانە. پرۆسەی بەرەو پێش چوونی ئەو خەباتە لە هەمان کاتدا پرۆسەی خۆسازدانە بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی داهاتوو و بۆ پاراستنیشی.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لەم رژیمە بێزارن و بەکردەوە روژانە لە دژی خەبات دەکەن. مەیلە سیاسیەکانی ناو ریزەکانی ئوپوزسیون هەر کامە بە پێی بەرنامە و بەرژەوەندی چینایەتی و سیاسی خۆیان هەوڵ دەدەن لەم هەل و مەرجەی ئێستا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی دوای رووخانی رژیمی ئیسلامی کەڵك وەربگرن. لە حالەتێکدا کە کۆمەڵگای ئێران بەرەو هەل و مەرجێکی شۆرشگێرانە بڕوات، کە ئەمرۆکە نیشانەکانی دەبیندرإ، سەرئەنجام و لە نیهایەت دا دوو رەوتی ئەساسی هەن دەتوانن بە سەر پرژ و بلاوی ئەمروی ریزەکانی خۆیان دا زاڵ بن و ببن بە بەدیل بۆ جێ نشینی رژیمی ئیسلامی. یەك لەوەانە رەوتی چەپ و سوسیالیستە بە هەموو مەیل و بۆچوونە جیاجیاکانیەوە کە پشت ئەستوور دەبێ بە خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بە ژن و بە پیاوەوە. ئەوی تریان رەوتێکی لیبراڵی بورژواییە کە ئەمرۆکە لە ئوپوزیسیون دایە ئەویش بە هەموو باڵ و بەشە جیاجیاکانیەوە. ئاشکرایە کە ئێمە بە هەموو توانامانەوە بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی رەوتی یەکەم تێدەکۆشین و پیمان وایە زەمینەی مادی بۆ ئەو سەرکەوتنە هەیە.

❖ ستیڤان: لێرە و لەوێ بانگەشە بۆ بەرەیەکی کوردستانی یەکگرتوو دەکرێت لە کوردستانی ئێران، ئێوە وەك کۆمەڵە تا چەند لەگەڵ پێکهێنانی ئەم بەرەیە دان و بەدەنگەوە چوونتان بۆێ چۆنە؟ لایەنی دووهەمی پرسیارەکە ئەوەیە بەرەیەکی سیاسی لەو جۆرە لەم بارودۆخەدا ئیمکانی هەیە، ئەگە نیەتی لەبەر چییە؟

ئیبراهیم عەلیزادە:: ئێمە هەمیشە وتوومانە کە بۆ کەم کردنەوەی رەنج و خەسارەتی خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتیان، بۆ خێراتر کردنی رەوتی حەرەکەتیان

بەرەو بەدەست هێنانی ئەو مافە، پێویستە کە بەرانبەر بە حکومەتی مەرکەزی یەك دەست و یەکپارچە ریز ببەستن. لە سەر بنەمای وەها بۆچوونێك ئێمە لامان وایە هێزە سیاسی و جەماوەریەکانی هەڵسوراو لە کۆمەڵگای کوردستان بە جیاوازیەکانیشیانەوە ئەوەندەی کە بۆ ئەم کێشەیە هەڵدەگەرێتەوە دەتوانن لە نێوان خۆیاندا هاوکاری و هاوئاهەنگی بکەن و تەنانەت لە کاتی خۆیدا بەرەیەکی کوردستانی پێك بێنن. وەها بەرەیەك دەتوانێ جگە لە بەهێزتر کردنی گشتی ریزی خەباتی خەڵك لە دژی حکومەتی مەرکەزی لە ناوخۆی کوردستانیشدا کەش و هەوایەکی سیاسی و دیموکراتیك پێك بێنێ، پێش بە تێکهەڵچونی چەکدارانەی هێزەکان بگرێ، رێگا نەدا بەوەی کە رژیم لە کەلێن و کەلەبەرەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و حیزبە سیاسیەکانی کەڵك وەربگرێ و بە ووتویژی ژێر بە ژێری جیاواز لە گەڵ ئەم و ئەویان بە گژ یەکتریان دا بکات.
بەڵام باسێك کە ئەمرۆ لە نێوان لایەنەکانی جۆراوجۆری ئۆپۆزسیون لە کوردستانی ئێران لە ئارا دایە، سەرچاوەکەی هەڵدەگەرێتەوە بۆ تەسەورێك کە هەندێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران خۆیان لە سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا بەرانبەر بە رژیمی ئێران و بەرانبەر بە مەسەلەی کورد هەیانە. ئەوانە پێیان وایە کە زەختی ئەمریکا بۆ سەر رژیمی ئێران دەبێتە هۆی دووپات بوونەوەی سیناریوی عێراق لە ئێران. بۆیە لە روانگەی ئەوانەوە پێکهێنانی بەرە دەبێ پەلەی لێ بکرێ هەتاکوو لە رووداوەکان دوا نەکەون و لە ئاکامەکانی وەها سیناریویەك بەهرەمەند بن. ئێمە لێکدانەوەمان وانیە وە پێمان وایە بنەمایەك کە ئەم ستراتێژەی لەسەر دامەزراوە وەهمیە. هەڵبەت زیانیشی بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان ئەوە دەبێ کە چاوەروان و چاو لە دەست رایان دەگرێ وە زەربە لە متمانە بە خۆ و لە خەباتی راستە و خۆیان ئەدات.
گرنگترین گیر و گرفتێك کە لەسەر رێگای پێکهاتنی بەرەیەکی کوردستانی دایە جیاوازیە لە رێگایەکدا کە هەرکام لە لایەنەکان پێیدا دەرۆن. بۆ ئەوەی خاڵە هاوبەشەکانیان لە ستراتێژی جیاوازیان دا بدۆزینەوە پێویستە دەرگای دیالوگی بە ئاشکرا و شارستانیانە لە راگەینە گشتیەکانیان دا بکرێتەوە. جەماوەری خەلك لە گەڵ لێك دانەوەی لایەنەکان لەسەر هەل و مەرجی سیاسی ئێستای ئێران و ناوچەکە، لە گەل سیاسەت و تاکتیك و شێوەی کاریان ئاشنا بێ و لێی ورد بێتەوە، بۆ ئەوەی کە بە ئاگاهیەوە پشتیوانی لێ بکەن و بەرانبەر بە دوژمنی هاوبەش بەهێزی کەن. پێك هێنانی سەرو و بەری بەرەیەکی بە پەلە و بۆ هێندیك بەرژەوەندی کاتی و هەلوەشانەوەی دواجاری وەلامی ئەو پیویستیە نیە کە پیشتر باسم کرد.
هەلبەت پێك هێنانی بەرەش ئەمرو مومکین نەبێ ئێمە لامان وایە هەوڵ دان بۆ لەبەین بردنی زەمینەی هەرچەشنە توندوتیژییەك لە نێوان ئەو هێزانەدا، پێکهێنانی بۆاری هاوکاری لە نێوانیان لە هەموو ئاستێکدا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

❖ ستیڤان: کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و حیزبی دیموکرات شیعاری فیدرالیزمیان بۆ کوردستانی ئێران بەرز کردۆتەوە، ئێوە ستراتێژ و شیعارتان چیە چ بۆ ئێران و چ بۆ کوردستانی ئێران واتە ئێوە چ ئوجیندەکتان هەیە بۆ داهاتووی کوردستانی ئێران؟

ئیبراهیم عەلیزادە::: ئامانجەکانی دوور و نزیکی ئێمە بۆ هەموو ئێران وە هەروەها بۆ کوردستانیش لەبەرنامەیەکی سیاسیدا راگەیندراوە کە بناغەی هەڵسوران و چالاکی ریزەکانی ئێمەیە. لە پێوەند لەگەڵ نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتیدا ئێمە لامان وایە مادام خەڵکی کوردستان لە کەش و هەوایەکی دیموکراتیکدا بەبێ هیچ زەخت و زۆرێکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ فورسەتی ئەوەیان پێ نەدرێ کە ئەگەر ویستیان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان پێك بێنن، کێشەی کورد نە لە کوردستانی ئێران و نە لە هیچ کام لە پارچەکانی تر بە شێوەی قەتعی و نیهایی چارەسەر ناکرێ. کەوایە هەوڵی ئێمە ئەوەیە

ئەو مافە سەرەتاییە بۆ خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکرێ. ئێمە ناتوانین چاوەڕێی ئەوە بین کە ڕژیمێکی بە ناوەرۆك دژی دیموکراتیك خۆی بە دڵخواز ئەو مافە بۆ خەڵکی کوردستان بسەلمێنێ. کە وابێ پێویستە خەڵکی کورد هاوپەیمان بێ لەگەڵ هەموو ئەو جەماوەری چەوساوە و ستەم لێکراو و بێ بەشە لە ئێران کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ڕووخاندنی ڕژیمی مەرکەزیدا هەیە. بڕیاری جیا بوونەوە یان جیا نەبوونەوە هەڵدەگەرێتەوە بۆ هەل و مەرجێکی کونکرێت کە دوای ڕووخانی ئەو ڕژیمە دێتە کایەوە. ئەوەی باسم کرد ئامانجی ئێمەیە لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورددا. بەڵام لە هەمان کاتدا دەزانین کە خەبات لەم مەیدانەدا گەلێك ئاڵۆز و پڕ لە هەڵس و کەوتە. هەر بۆیە لەهەر قۆناغێکدا و لە ڕەوتی بەرەو پێش بردنی ستراتێژی خۆماندا بە پێی هاوسەنگی هێز ئەوەندەی بکرێ هەوڵ دەدەین دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕژیمی مەرکەزی بە سەر خەڵکی کوردستاندا کەم کەینەوە و پاشەکشەی پێ بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانین ئەو دەسکەوتانە دەتوانن کاتی و قابیلی هەڵگەرانەوە بن.

Shamzini79@hotmail. com